# ناسیۆنالیزمی کوردی لە نێوان بەها مرۆییەکانی سەردەم و قەتیسبوون لە کۆنەپەرستیدا:
# کوشتنی دوعا(کان) وەکوو کێشە

**د. بورهان یاسین**



کوشتنی کچە جوانەمەرگی ئێزیدی بەو شێوە بەربەری و هەمەجیەی کە بۆ هەموو لایەک ئاشکرایە جێگەی شەرمەزاریکردنی دەسەڵاتی کوردیە وە جێگەی سەرکۆنەکردنی هەر هێزێکی سیاسی باشووری کوردستان و هەر ڕێکخراوێکی مەدەنیە کە بێدەنگی لە ئاست ئەم ڕووداوە هەڵدەبژێرێ، جا بە هەر بیانۆ و هۆیەک بێت. ئەم ڕووداوە چەرخە تاریکەکانی ئەم جیهانەمان بیر دەخاتەوە. ئەم ڕووداوە پێمان دەڵێ کە کورد لە هەمان سات و کاتدا لە چەرخە تاریکەکان لە لایەک وە سەردەم لە لایەکی ترەوەدا دەژیێ.

کوشتنی دوعا بەم شێوەیە، بەو پەڕی دلڕەقی و سادیستیەوە، ڕووداوی یەکەم نیە لە کوشتنی کچان و ژنانی کورد بە بیانۆی "شەرەف". بە داخیشەوە لەوەدەچێ ڕووداوی کۆتاییش نەبێت.
لە ناوەڕاستی ئەم ڕووداوە دڵتەزێنەدا ترووسکاییەک لە بەجیهانیبوون و ڕۆلی پۆسەتیڤانەی ئامرازەکانی پەیوەندیەکان لە ڕێگەی تەکنۆلۆجیای سەردەمەوە بەدیدەکرێ. مرۆڤەکان توانیان بە وێنە ڕووداوی کوشتنی بەربەریانەی دوعا نماشبکەن وە بگرە ئاشنایی پەیدا بکەن لەگەڵ **دلڕەقی و سادیزم** لە شێوە هەرە "نامرۆییەکانیدا". بەم مانایەش ئەم ڕووداوە نەک هەر بە مانای لێدانی زەنگی نیگەرانی و شۆکە بەڵکو لەوەدەچێ ببێتە "ڕووداوی ئێستگە"، ئێستگەیەک کە لە کێشەی ئافرەت لە کوردستاندا وە بە تایبەتی تراجیدییای کوشتن بە بیانۆی "شەڕەف" کاتمان بۆ بکات بە دوو بەشەوە بەشی یەکەمیان کاتی بەر لە ڕووداوی کوشتنی دوعا و ئەوەی تریشیان کاتی دوای ئەو ڕووداوە. ئاخر ناکرێ ڕووداوێکی ئەوها ووشیارکردنەوەی هەتتا بێئاگاکانیش نەبێ و یارمەتی ئەوەشمان نەدات کە لە هەموو ئاستێک و ڕەهەندەکانی کێشەیەکی وەکو کوشتنی "لەسەر شەرەف" نزیکبینەوە.

بە باوەڕی من کێشەیەک کە بەردەوام ئامادەیی هەیە و ناکرێ خۆمانی لێلادەیەن ئەو پرسیارەیە کە ئایا ناسیۆنالیزمی کوردی و ئەو دەسەڵاتەی باشووری کردستانە، کە هەرگیز ناخوازێ لە سیفەتی نەتەوەییبوون کەمتر بۆخۆی قایل بێت، دەکرێ هەندێ بەهای هەرەکۆنپەرستی کات بەسەرداچوو بپارێزێ و لە هەمان کاتیشدا بانگەشەی سەردەمبوون و پاراستنی بەها گەردوونیە مرۆییەکانی سەردەمیش بکات. بە باوەڕی من کێشەیەکی زۆر جیددی دەسەڵاتی کوردی باشووری کوردستان ئەوەیە کە لە پراکتیکدا کۆنەپەرستی بۆخۆی هەڵبژاردوە و لە ئاست درووشم و پرۆگرامە نووسراوەکان و گۆڕینی هەندێ یاسشدا سەردەمیبوون. یەککردنی ئەم دژایەتەیە لە بەیەکەوە ژیاندن و قەبوولکردنی سەردەمە تاریکەکان لە گەڵ سەردەمی هەنووکەماندا، بە واتایەکی تر بەیەکەوە گوونجاندنی ئەو پەڕی کۆنەپەرستی لە لایەک و پێشکەوتنخوازیەکی مرۆیی لە لایەکی ترەوە، لە چوارچێوە و بەناوی

ناسیۆنالیزم یا دەسەلاتی نەتەوەیی یا "کولتوری کوردەواری"، خەتەرێکی هەرە جیدییە لەسەر خوودی ئەم ناسیۆنالیزم و دەسەڵاتە. ناسیۆنالیزم لە ئاستی هەڵدانی هەندێ درووشم دەربڕینی هەندێ هێما ناوەستێتەوە کە دواجار لە هەڵدان و بانگەشەبۆکردنیان خەملاندنی کۆیەکی نەک هەر دەستکرد و لاواز بەڵکو بگەرە کۆمەڵگەیەکی مزەوەر و لە باشترین حاڵەتیشیدا پڕ لە دژایەتی لێدەکەوێتەە. نەک هەر ئەوەش، بەڵکو ئەو جۆرە کۆمەڵگەیە لە ناخی خۆیدا ئەوپەڕی ناتەندروستە. لە ڕاستیدا ناسیۆنالیزم (بە مانا هەرە فراوانەکەی) دوای ئەم هەموو پێشکەوتن و گۆڕانکریانەی بەسەر کۆمەلگای مرۆڤایەتیدا هاتووە وە بەسەر ئاستە تیوری و پراکتیکیەکانی خودی ناسیۆنالیزمدا هاتووە، ناکری باس لە کێشەیەکی گرنگی وەکو ئەوەی ***ناوەڕۆکی ناسیۆنالیزم*** نەکەین.

هەڵبەتە یەکێک لە ڕەهەندەکانی کێشەی (یاخود ئیشکالیەت)ی ناوەڕۆکە جێگەو پێگەی تاک و کۆمەڵە لە گووتار و پرۆگرامی "نەتەوەییدا". لێرەدا هەرگیز هەڵەیەکی گەورە دەکەین ئەگەر تەماشای کوشتنی دوعا وەکو "تاکێکی" موجەرەد بکەین. دابڕینی ئەو هێما و واتایانەی کە لە کوشتنی ئەم مرۆڤە دەکەونەوە لە کێشەیەک کە لە پەیوەندییە ئاسوییەکانیدا هەموو کۆمەڵگەی کوردی، بە ئەوەی هەندەرانیشەوە، دەگرێتەوە و لە ڕووی پەیوەندیە زەمەنیەکانیشەوە بە قەد کۆنی کۆمەڵگای "کوردەواری" کۆنەو کەڵەکەبوونی بەها کولتووریەکانیەتی لە کۆنێکی زۆر کۆنەوە و تا ئامادەبوونی لە هەنووکەی "سەردەمدا". ئاخر گەر ناسیۆنالیزم و دەسەڵاتی نەتەوەیی گوزارەش لە ئیرادە و ویست و خواستی تاکەکان نەکا و لە کات و ساتی بەدەستهێنانی ئەم دەسەڵاتەدا ماف و ئیرادەی تاکەکان نەکا بە کێشەی خۆی و بەو پەڕی پەرۆشیەوە نەیانپارێزێ، ئەوا لە باشترین حاڵەتدا ئەم دەسەڵاتە دەبێتە پاوانی چەن کەس و لایەنێک کە دواجار کێشەی تاکەکان بە هی خۆیان نازانن.

لە زۆرێک لەو گفتووگۆ و لێکۆڵینەوانەی کە دەربارەی پێشوەچوونی کۆمەلگا (لە قۆناغی تەقلیدی بۆ قۆناغی مۆدێرن) کراون وە دەکرێن ئاماژە بە ئیشکالیەتی ئامادەبوونی ***تەقلید*** و ***مۆدێرن*** دەکرێ لە هەمان سات و کات لە حاڵەتێکی کۆمەڵایەتی و کولتوریدا. وە لە بۆچوونێکی سۆسۆلۆجیانەدا ململانێیێکی بەردەوام لە نێوان ئەم دوو "پێکهاتەیە"دا (تەقلیدی و مۆدێرن) لە ئاستی بنەما کۆمەڵایەتی و ئابووریەکان و بەها کولتووریەکاندا هەیە. لەوە دەچێ دەسەڵاتی کوردی ئەوەی بۆخۆی هەڵبژاردبێ کە لە هەمان کاتتدا لە هەردوو بەرە خۆی ببێنێتەوە وە بەم مانایەش خەسلەت و سیاسەتی (***ناهاوەدەمی هاودەم***)ی بۆخۆی هەڵبژاردبێ؛ ناهاودەم بە مانای تەقلید و هاودەمیش بە مانای مۆدێرن. ئەمەش جارێکیان بە بیانۆی ئەوەی کە ئاسایشی نەتەوەیی کورد لە مەترسیدایە و جارێکی تریشیان بە بیانۆی ***پاراستنی ڕیزەکانی کۆمەڵگای کوردی*** و....هتد. کەچی لە راستیدا بوونیادنانی کۆمەڵگەی کوردی لەسەر بنچینەی هێشتنەوە و پاراستنی بنەما و بەها کولتووریە کاتبەسەرچووەکاندا تەهدیدی هەرە جیدییە لەسەر ئاسایش و دواڕۆژی کورد: ئاخر چۆن دەکرێ ئاسایشێکی نەتەوەیی تەندروست و گونجاو لەگەڵ بەهاکانی سەردەم لەسەر بنەماکانی کۆمەڵگای ناتەندروست لە لایەک و هەندێ بەهای کولتوری زۆر کۆن و ناتەندروست لە لایەکی ترەوە بسازێنرێ. دەسەڵاتدارانی کوردستان و ئەوانەشی بیانۆ بۆ هەڵوێستە شەرمنانەکەی ئەم دەسەڵاتە لە مەر کوشتنی دوعا دەهێننەوە دەبێ ئەوەش بەبیر خۆیان بێننەوە کە سیاسەتی قڕکردنی کورد لە شاڵاوی ئەنفالە بەدناوەکان و کیمیابارانکردنی کورد و... هتد لە چوارچێوەی ئەوەی کە ڕژێمی دکتاتۆری بەغدا پێی دەگووت (***پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی***)دا هات. کوردیش لە تورکیا زیاتر لە 80 ساڵە دووچاری سیاسەتێکی ڕەگەزپەرستانە بۆتەوە، کە لە سیاسەتی ئاپارتایدی ئەفریقای خوارووی پێشووی تێپەڕ کردوە، بە بیانۆی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیای "کەمالی"

**بووه...... پاراستینی ئاسایشی کێ؟ هی هەموو تاکەکانی کۆمەڵ یا هی دەسەڵاتێک کە بە ناوی نەتەوەوە ڕێگە دەدات بە بەربەریترین شێوە کەمترین ڕادەی مافەکانی تاکەکان، کە مافی ژیانە، پێشێلبکرێ؟**

**وێرای شەرمەزارکردنی ئەو هەڵوێستە شەرمنانەی کە تا ئێستە لە دەسەڵاتەوە دەرچووە لە مەڕ کوشتنی دڵڕەقانە و سادیستانەی کچە جوانەمەرگ، گرنگە کە ئەو دەسەڵاتە بزانێ:**

**1) ناسیۆنالیزمی کوردی و دەسەڵاتە سیاسیەکەی لە باشووری کوردستان دەبێ لە نێوان کۆمەڵگەیەکی ناتەندروست و ناسەردەم و کۆمەڵگەیەکی سەردەم و تەندروست یەکێکیان هەڵبژێرێ. بۆ ئەو هەڵبژاردنە و خۆساغکردنەوەیە چیتر هەڵدانی هەندێ درووشم و گۆڕینی هەندێ یاسا بەس نیە. ڕاستیەکەی لەو 16 ساڵەی ڕابردوو وە لە ژێر سێبەری هەمان ئەو دەسەڵاتەدا، زێدەڕۆیی نیە گەر بڵێین "قەتلوعام"ی ژنان و کچانی کورد، بە هەر یامرازێک و شێوەیەک بووبێت، لەسەر پێ بووە، جارێکیان بە کوشتنێکی دڵڕەقان و سادیستانەوە و جارێکیشیان زۆربۆهێنانیان بۆ "خۆسووتاندن".**

**2) ئەم دەسەڵاتە بەر لە هەر کەس و لایەنێک بەرپرسە لەوەی کە سنوورێک بۆ ئەم تراجیدیا کۆمەلایەتی-مرۆییە دابنێت وە لە نێوان بەرەی کۆنەپەرستی و سەردەمیبوون ئەوەی دووایيان بۆخۆی هەڵبژێرێت. ناسیۆنالیزمی کوردی و دەسەڵاتی کوردی ناکرێ لە هەمان کات و ساتدا هەردووکیان بێت، جەستەی کۆمەلایەتی نەتەوەییەک ناکرێ لە هەمان کات و ساتدا تەندروست بێت و لە هەمان کاتیشدا ئەوپەڕی ناتەندروست.**

**3) بەش بە حاڵی خۆم حاشا لە نەتەوەبوونێک و هەر "دەسەڵاتێکی نەتەوەیی" دەکەم کە بە بیانۆ و لە ژێر پاساوی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی و "یەکڕیزی" گەل بەهاو**
**بنەماکانی کۆمەڵگەی چەرخە تاریکەکان و بەها کولتووریەکانی بپارێزێ.**

**4) کاتێ دەسەڵات چاوپۆشی لە دلڕەقی بکوژانی دوعا(کان) هەڵبژێرێ ئەوا گومان لەوەدا نیە کە بەرەی *بەربەر و دڵڕەقەکانی* بۆخۆی هەلبژارد لە بەرامبەر بەرەی بەرگریکردنێکی یاسایيانە لە تاکە بێدەسەڵاتەکان.**

**) زۆر گرینگە کوشتنی دوعا بخرێتە چوارچێوە هەرەفراوانەکەی وە لە مەودا شایستە سیاسی و کولتووری و مێژوویەکانیدا ببینرێت. هەڵوێستە لە کوشتنی دڵڕەقانەی دوعا، هەڵوێستەیە لە تراژیدیایەکی نەتەوەیی و مرۆیی لە مەودا هەرەفراوانەکانیدا.**

1ی مای 2007

**د. بورهان یاسین**
**زانکۆی لوند – سوید**
burhanyassin@hotmail.com